# کورتە نامە

دڵسۆز حەمە



sms 1

ڕۆژێک ئیدی

ژیان ،

لەڕۆژەکانی تر نەچو

بەختەوەری لەنادادی و هەڵەکانی پەشیمان بۆوەو

بۆ ئەبەد

نەخشەی ژنێتی من گۆڕا

ئەوڕۆژەی دەستت بەر خەیاڵم کەوت

نیگایەکت ، تەنهایی کوناو دەر کردم

بە خۆت وکۆترەکانتەوە

هاتیته ژنێتیمەوە.

SMS - 2

بەیادی تۆ
بەنیازی تۆ
پێدەخەمە سەر ڕێگاکەو
ئاوی گوڵەکانم دەدەم
بەناو ژیاندا ڕێدەکەم
بەیادی تۆ
بەنیازی تۆ
عەترو کراس و سوراو وگوارەکانم ڕێکدەخەم و
جوانی تاقی دەکەمەوە و
ناز بەئاوێنە دەفرۆشم

SMS - 3

من لەشام و یار لەشیراز خودایە

دڵم تەقی، سەبرم سوا

نەڕۆح لەجەستەما ماوە

نەبینایی لەچاومایە

SMS - 4

زنجیرەکەم بترازێنە

گوارەو موستیلەو بازنگ و

تەوقەی قژم لێکەرەوە

ژنێتیم ئەو کتێبەیە

تا نەیکەیتەوە نازانی

چی نوسراوە

SMS - 5

خۆشی دەویێم..... خۆشی ناویێم

دەیبینم .... نایبینم

دیّت و ..... نایەت

نامەی دەگات....... نامەی ناگات

سەفەر دەکات......سەفەر ناکات

بەپەڕی گوڵ و

پەلکی گەڵاو

چوارگۆشە سیحراوییەکان

بەخت بۆ خۆم دەگرمەوەو

دەچمە دەرگای قاوەگرو کتێبگرو

فاڵچییەکان

چەند دڵت بردوم گیانی من

وەک و ئەوەی لەتۆ زیاتر

دونیا هیچی تیا نەمابێت !

SMS - 6

شیعر زیاتر....هیچ ماڵێکی ترم نیە

تەنهایی نەبێت....هاوڕێیەکی ترم نیە

تۆ شیعریشم پێ دەنوسی و
تەنهاییشت گوڵدار کردوم
لەتۆ زیاتر.... کەس وا داگیری نەکردوم.

SMS - 7

کراسێکم کڕیوە لە ڕەنگی ئێوارە
لەشەرمکردنی ئەستێرە... وەختێ
دەکەوێتە عەشقی ڕوبارێکی غەمگینەوە
کورت و تەنک و ڕوت و قوت
وەکو جریوەی چۆلەکەو هەتاو کەوتنی بەیانیان
گوڵەکانی لەڕەنگی پایزەو
نەرمە وەکو دەستەکانت
کە لەپەڕی نیلۆڤەردا
ژنێتیم دەخوێنێتەوە !

SMS - 8
لەو کیشوەرە نەخۆشەدا
لەو وڵاتە غەمبارە

**لەو شارە.... ئەو شارە حەپەساوە**

**لەو کۆڵانە .... لەوماڵە**

**لەو ژورەدا....... پیاوێک**

**لەدارستانی چڕی سنەوبەرو سەرو دەچێ**

**پیاوێک لەسێبەری ئەفسانەیی چیاو**

**لەباوەشی میهرەبانی**

**ئەو پیاوەیە کە خۆشم دەوێ**

SMS - 9

**چەندە عاشقی تۆم**

**بیرم بێ ئاوەها**

**عاشقی هیچ شتێ نەبوم**

SMS - 10

**دەستم لەکەمەری تۆدا**

وەک ئەوە بو  زەمین لەسەر چۆکم بێ و
ئاسمان لەناو پەنجەکانما
سەرم لەسەر سنگی تۆ بو
وەک ئەوە بو زەمین بۆ من بخولێتەوە و
هەمو وەرزەکان هی من بن
کەچوینە ئاوێنەکەوەو
کۆترەکانت لەکەمەرما نیشتنەوە
وەک ئەوەبو
بەژێر پەنجەکانما بڕوات
بەچراخانی کەشتییەوە
دەریای ژوری ئەتلەسی

SMS - 1 1

کە دێیتە ناو بینایيم و

**به خاتیرەی تەنهاییمدا تێدەپەڕی**
**کە دەمگریتە باوەشت**
**دەنگت دەڕژێتە ڕۆحمەوە**
**جێگای خۆم نامێنێتەوە لە ناو خۆمدا**
**چەندە پڕم دەکەیتەوە!**
**تۆ چەندە زۆری تاقە یار!**

SMS - 12

**لە وڵاتی گوڵ و**
**دارستان و دەریا وڕەنگەکاندام**
**وڵاتی ورده جۆگەلەو کەشتی و بەندەرو بەلەمدا**
**کەچی**
**ژیانم ڕەش و سپیە**
**نەکەس گوڵێکم بۆ دێنێ**
**نە یارێکیش لە دارستان و کەناری دەریا**
**ژیانم بگرێتە باوەش**

SMS - 13

بەیانیت باش بێ ڕۆحەکەم
بێ تۆ بەیانی من نایەت
شەوێکی درێژە ژیان

SMS - 14

بەخۆم و گوڵەکانمەوە
هەمیشە چاوەڕوانت بوم
دڵم دەهاتە سەر ڕێگات
کبریاء...... دەیهێنایەوە
ڕۆحم دەهاتە ماڵەکەت
غرورم ..... دەیگێڕایەوە
چەند دوور بویت و چەند نزیک بویت
نە بەسالاچونی ساڵ و

**نە تاریکی شەڕی ناو خۆو**

**نەغەریبی و، نە پیربونی کۆڵانەکان**

**خۆشەویستی تۆی ون نەکرد**

**هەر وەکو خۆی گەنج و سەوزو گەش مایەوە.**

SMS - ١ ٥

**لە غوربەتدا نیشتیمانمی و**

**لەنیشتیمان غوربەتم بویت**

**دیوارێکی شوشەییە هەمیشە**

**نێوانی وەستانی من و**

**فڕینی بێ ئەندازەی تۆ**

SMS - ١ ٦

پاییزێ وەرە تاقە یار
لەژێر درەختێکی چڕدا
ڕوتم کەرەوە ڕۆحەکەم
تا پێش ئەوەی باوەشت کەم
بە گەڵای زەردی هەڵوەریو
حەمامێکی درێژ بکەم.

SMS - 1 7

عەشق زیاتر ،
زمانێکی تر نازانم لەگەڵ ژیان
من تەنانەت
لەگەڵ جانتاو کتێب و
دیوارو شەرابی ناو پەرداخەکە
لەگەڵ شەقام و وولات و
هەتا حیزبەکەشما دلداری دەکەم
نەک گەمەکانی پەیوەندی
بۆیە غەمگینە تەنهاییم

**بۆیە هەمیشە دەدۆڕێم .**

SMS - 18

**لەکۆڵانی پەیوەندیدا....دڵم**
**سەد تیری خوێناوی بەرکەوت**
**یارەکان پێش ئەغیارەکان**
**زێدی خۆم پێشی غوربەت و**
**مێینە پێش دەوەنە نێرینەکان**
**خوێنی پەنجەی خۆم زیاتر**
**لە هینی ئەو**
**دڵیان پڕکردوم لەئازار**
**هەتا نزیکتر بێ**
**ئازیزتر بێ دەستی تیرهاوێژ**
**جێدەستەکانی قوڵترە**
**بکوژترە تیرەکانی.**

## SMS - 1 9

چاوی عەشقم

لەدەرگای ئەفسانەکاندا دەرگیرە

دڵم بەئاسمانا چوە

گیرۆدەی فڕینە ڕۆحم

پیاوی بچوک،

مانای بچوک،

ژیانی بچوک ، نابینم

تۆ دەگمەنی و لەلێواری ئاسۆدایە

پەنجەکانت

بۆیە توانیت

مەوداکانم پڕکەیتەوە

فڕینم بگریتە باوەش..... تاقانە یار

## SMS - 20

پێچیدەی تەسک و درێژی چارەنوس و
ڕێگای ڕۆژگارە دوورەکان
هەڵیانگرتم
سەفەر وا ڕاپێچی کردم
پەراسوی خەیاڵم شکاو
پەڕە پەڕە بو منداڵیم
ڕۆحم بو بەسەد پارچەوە
چونکە عەشقت
وەکو خوێن و وەکو ڕەنگی پرچ و چاوم
وەک چارەنوس لەبونما بو
هەر گەشتمەوە باوەشی تۆ

## SMS - 21

بۆ دەڵێی پایزی تەمەن؟!
لەوەتەی هەم
تەمەنی من

پایز زیاتر
هیچ وەرزێکی تر ناناسێت.

SMS - ٢٢

خەیاڵێکی ڕاو نەکراو
مانایەکی ڕێ ونکردوو
ووشەیەکی پڕ گومانم
لەهەزاران کۆشکی یەقین پێ جوانترە
( چۆلەکەیەکی سەر درەختم
لەدەی ناو دەست پێ باشترە ) *
ژنێکی ئاسایی نیم و
بەچاوی ڕۆحم دەبینم
تۆ دەگمەن و ئەفسانەییت
قەت دوبارە نابیتەوە
بۆیە ڕۆحم ئاوەدان و
تەنهاییت کوناودەرکردم

SMS - ٢٣

تەنهاییم ..... بەدگومانە
لەو گوڵانەی لەکەمەرما جێتهێشتوە
لەو ئەستێرانەی لەچاوما دەدرەوشێنەوە
لەو پۆلە کۆترانەی لەسەر سنگم نیشتونەوە
بەدگومانە ..... ئاخۆ... ڕۆژێک
ناوەرن .....گوڵەکانم
ناکوژێنەوە.... ئەستێرەکان
ئاخۆ ڕۆژێک
کۆچ ناکەن کۆترەکان و
ئیدی قەد نەگەڕێنەوە ؟!

SMS - 2 4

ئاوێنەکە دەڵێ :
تەنهاییت نەبێت
چەندە بەئێمە دەچی ژنەکە.

## SMS - 25

لەوەرزی ترس وساواق و دڵتەنگیدا
وەرزی نەهاتی ئازادی
ئەو کاتانەی
فڕین لەباڵ
دیتن لەچاو
گوتن لەزمان یاساغ بو
ئەو یەکەمین گەرویەک بو
فوی کرد بەناو بێدەنگیدا
بەتەنیشت شکانی تاریکی و
ڕاونانی ترس و
هێنانی ئازادیدا
هێواش هێواش منی لەملاوە
داگیرکرد.

* ئەو دێڕە شیعرە هی ( غادة السمان ) ە.